# فریشتەی خۆشەویستی

سیروان ڕەحیم

بۆ کلاودیا، ئەو فریشتەیەی کە: دەتوانی جەستەی پارچەپارچەی عیشقم کۆبکاتەوە ، ناونیشانی ڕەسەن و زیندوی ئەوین و ژوانی هەمیشەیی دڵداریم بێت.

لە تونێلەکانی تاریکی ئاوارەیی بێکەسی و بی هۆگریدا، وەکو هەمیشە لەم وێستگەیەوە بەرەو وێستگەیەکی تر لە گەشت و فرینی بەردەوامدا بوم، بەڵام چۆن فرینێك؟ فرینێکی بی حەسانەوە. فرینێك کە هیچ کەنارێك نەدەبو بە ساباتی پشوی دوای ماندبوِن. لە یەکێك لەو وێستگانەدا دەبو لە ماڵ بوێستم و هەڵوێستەیەك بکەم.

لە ماڵ؟ بەڵام کام ماڵ! (مەگەر تۆ ماڵت بە کۆڵتەوە نیە. مەگەر تۆ ماڵت لە جانتاکانتدا نیە!). ڕۆحم لە دەپەرێکی تر و هەنگاوەکانیشم بە ڕارەوێکدا جەستەمیان بەرەو بەرزایی باڵەخانەیەك بە کێش دەکرد .باڵەخانەیەك کە یەکێك بو لە تونێلەکانی تری قوڵ و تاریکی تەنهایی تاراوگە .باڵەخانەیەك کە پەنجەرەیەکی تێدا دەڕوانیە سەر شەقامێکی درێژی باژارێکی ڕازاوە.

پەنجەرە و باڵەخانەیەك کە هەمیشە حەزرەتی شیعر و عیشقی دەهێناوە یادم. دەمیبردەوە خزمەتی نالي، ستونی سوتان و ڕازی پڕ ئەپین :

لەم حوجرە، لەبەر پەنجەرە کەوتوم و دەخوێنم

بی عەینی دەڵێی بولبولی گۆشەی قەفەزێکم .

.......بەڵێ بەرەو بەرزایی باڵەخانە دەبومەوە، بەرەو قوآیی تونێلەکە دەچوم کە تیشکێك بە شەوارەی خستم و لە جێگەی خۆ ڕواندمي. تیشکێك کە لە چاتروکاندنێکی دواتردا ، بە بینینی سروشت و پێکهاتەی بێگەرد و ئاسمانی خۆی نیشانی دام کە فریشتەی پاك و بێگەردی پڕ ئەفسونە و ڕۆحم تەنها لە ئامێزی ئەو هەمو نیانی و خاوێنیە دا دەتوانی ئارام و ئاسودە بێت.

وەآهی کآوی سەری من چەرخی دەماڵی / ببوایە بە دامانت ئەگەر دەست ڕەسێکم.

هەم واریسی فەرهادم و هەم نائیبی مەجنون / واتێم مەگە قوربان کە گەدا بولهەوەسێکم

تیشکێکی زێرین: کە لە وە دەچو ئەستێرەیەکی ئاسمانی نیشتمانەکەم بێت و بە هانامەوە هاتبێت. پێدەچو سروەیەکی ناسکی زێدی ئازیزم بێت و بەرەو ڕوی ماندوم فریبێت. یان پەپولەی یەکێك لە باخچەکانی کەرکوك بی و بیەوی لە لالەزاری ئەم ئەوینە تەڕ و پاراوەدا بکەوێتە شنەشنی هەمیشەیي .

ئەی فریشتە ئازیزەکە.. ڕێگەم بدە دەربازی دڵت ببم ، دەربازی ئەو ڕوبەرە پڕ ئەفسونە ببم و بیکەم بە پایتەختی بەردەوامی دڵنیایي، ئەگەر نا، بۆ هەتا هەتایە ڕێبوارێکی ڕێگەی جوانی و خۆشەویستی سەرگەردان دەبێت.

ئاخ لەو ئێوارەی یەکتر ناسینە. ئاخ لەو دەریازەی سامناکەی ئەوین کە منی دایە دەم زەریای سەرکێشی سەوداوە. زەریایەك کە دواتر خستمیە ناو شەپۆلە بە گورەکانی خۆیەوە و هەرگیزیش ناتوانم لێی دەرباز بم. بە جۆرێك.. نەدەتوانم عەرق بم و نەدەشتوانم بگەڕێمەوە دەریازە. من ئیتر لە ئامێز و لە پانتایی ئەو شەپۆآنەی پڕ هەژێنی حەزلێکردندا لە سەمای هەمیشەییدام. سەمایەك کە هیچ کام لە موریدەکانی مەولانا ناتوانن بەرجەستەی بکەن. ئاخر ئەمە سەمایەکە کە لە ئاسمانەوە سەرچاوە دەگرێت.

ئەی فریشتەی ئازیز و دلۆپان.. من مرۆیێکی بی وەآتم .تەنها بە ئاوێتەبون لەگەڵ تۆدا هەست دەکەم، بەڕاستی هەست دەکەم کە منیش وەکو ئەوانی تر لە وەآتی ڕەسەنی خۆمدام.

......

دوای چەندین خەونی پڕ مەراق. دوای چەندین پێکگەیشتنی پڕ تاسە. دوای چەندین تەماشای لێوانلێو لە جوانی ئایندە. لە هەناوەوە سەرەتای گفتوگۆیەك دەستی پێکرد. گفتوگۆیەك کە کردمی بە دوکەرتەوە.

کەرتێکم دەیوت:

پەیامی مەبەستی پێدەڵێم و کەرتەکەی دی دەیگوت :ئەی ئەگەر ئەو فریشتەیە زیز بو؟

-فریشتە زیز نابن! ئەوان جەستەیەکن کە تانوپۆیان بە میهرەبانی خەمآوە.

دوای زۆرانبازیەکی بەردەوام و پڕ لە هەڵکشان و داکشان ئەو کەرتی ڕۆحەم بردیەوە کە پەیامی پڕ ئەوینی لە زاردا هەڵگرتبو :

من تۆم خۆشدەویَ! ئەی فریشتەی میهرەبان من تۆم خۆشدەویَ، خۆشەویستیەك کە بە ڕەنگ و ڕوخسار، بە ڕۆح و هەناو لە خۆشەویستی نالی و حەبیبەوە سەرچارە دەگریَ. دەتۆیش بە پیری ئەم هەستە زراپەی منەوە وەرە و ئاسودەم بکە .ئاسودەکردنێك کە بەژنی درەختی ژیان و خۆشەویستیمی گەز گەز پی باآ بکات .

نۆپەمبەری ٢٠٠٠

پـــــــــــرۆژە

لە خەزنەی دڵمدا هەرچی هەیە، هەر داغی سەودایە

دەسا ئەم نەقدە دەردی عیشقی پی سەودا نەکەم، چبکەم

دەمێکە شاری پڕ شۆری مەحەببەت مات و خامۆشە

بە قانونی تەجەننەن شۆڕشی ئینشا نەکەم، چبکەم

مەحوي

خەیاڵی تۆ هەمو نیشتمانی خەیاڵی داگیرکردوم. تەماشای قەڵەمەکان دەکەم. دەمەوی شتێك بۆ دوێنی شەوی خۆت و خۆم بنوسم. قەڵەمەکان هەمو سەرەتاتکێیانە. یەکە یەکە چاوم لێدادەگرن. بە دیار ئەو مێزەوە دانیشتوم کە دوێنی شەوی شەرابی تۆسکانامان لەسەر دەخواردەوە. دەیێتەوە هەمبەرم. دەتبینم کە چلۆن ڕەنگی یاقوتی شەرابت گرتوە. دەتبینم کە چۆن بویتە بە هەوێنی ئەوین و تێکرژان. شەرابی تۆسکانا و مەزەی ماچ. ماچ ماندو دەبێت و دەوێستێ. ئێمە سەرەتامانە. ماچ لە نێوان بەرداشی خرۆشدا شەکەت دەبیَ. ئێدی دەگونجی و دەخونجی کە جەستەی خۆمان بخەینە سەر مێزی تێکئاآن و یەکتری هەڵلوشین.

* * * *

دانیشتوین .تویێشوی گەشتی ڕەنگاورەنگی ئیمشۆ شەراب و شیعری نالیە. کورێکی سەرڕەشی ئارانی و کەنیشکی زەرینی زۆزانی. ئەم کچە چاو مەستە بەچەشنی مەراقێك دەیەوێت بچێتە دیداری شیعری پۆررەشی نالی و دەیەوی ختوکەکانی گەرمیانی لەسەر جەستەی سەما بکات. ئەم کچە زۆر سەیرە لە دەستە خوشکەکانی ناچێت و ڕێگە بە هەناسە و بە ئاهە نامۆکان دەگرێت.

کەنیشکە..تۆ دەخوازیت بە پرۆژەکەم ئاشنا بیت؟ . تۆ بەرجەستەی پرۆژەکەم دەبینیت. پرۆژەی هەوێنی ئەپینم. پەیکەری گۆشەی کۆشکی چل چراو ڕازاوەی حەز و چێژ.

خودات بیَ! دەزانی چم دەویَ؟

دەمەویَ :لاولاوی عیشقێکی گەرمیاني، لە باآی منارەیەکی باکوری ئەوروپا بئاڵیَ. دەمەوی ئەنگوستی حەزێکی ئارانی بە بناری مەمکۆڵەتدا هەڵزنیَ. دەمەوی هەڵزنی و هەمو جەستەی چێژت بخاتە مێرولە. دەمەوی گرەی چەمچەماڵ و شنەبای فۆڵکمازن یەکتری هەڵمژن. گەرەکمە دوئاوانی ئەوینان برژێنە ناو یەکدی و شەتاوی شەرابی شادیەك لە بناری تێکترنجانمانەوە سەرهەڵبگریَ .دەمەوی تێت ئاڵێم. دەمەوی تێت خزێم.

)مۆری مەمانت کانی ژینن و ئەمنیش گەرەکمە بە کانی ژینێدا نوسیەم).

دەمەوی بە چەشنی ئەو شەرابەی بەر دەسەتمان بتخۆمەوە .

دەمەوی بە چەشنی ئەو شەرابەی بەردەستمان بمخۆیتەوە .

هەمیشە لەیەکەم چرکەی دیدارتەوە، خۆم و شیعرەکانی نالی پێکەوە مەست دەبین. کە دەست بە خواردنەوەی شەراب دەکەین، من و پێکەکەم و شیعرەکانی نالی لە مێژە مەست و مەیزەدە بوین.

کەنیشکە سرکەکە.. تۆ گەرەکتە پێکگەیشتن و لێکخشاندنی زەوی و ئاسمان بژیت! گەرەکتە؟ بەرسپم لێت تەویٚ...

)دەیەوی خەیالم پارچە پارچە بکات. پێکەکەی بەرز دەکاتەوە و دەڵی : بە خۆشی حەبیبە و نالي.)

گەردەن بلور، من نەخاپینە. ئەم مێژە چ دەکات لە نێوانماندا؟ وەرە باوەشم. سور هەڵمەگەریٚ. دەڵێی کچە گەرمیانیت! دەوەرە باوەشم گوڵی من، دەمەوی لە چاوانت بروانم. لە چاوانتا هەمو مێژوی وڵاتەکەت دەبینم .لە چاوانتا هەمو زێیە کەسك و شینەکانی ئەوروپا یەکدەگرنەوە. لە چاوانتا نیشتمانێك دەبینم کە دەشی ببی بە لانکۆڵەی هەدادانم. وەرە دەست لە کەمەری یەکتری گیربکەین .وەرە یەکتری داماڵین. وەرە یەکتری بگورین... ئەی بەژن زراپی مەمك قوت، دە وەرە .

دە وەرە، پشیلە ڕەنگینەکەم. دە وەرە پشیلەی چاو نەخشین. چاوانت هەر دەڵێی چاوانی پشیلەی وانە و چەندین ڕەنگی ئەفسونی تێدایە .وەرە باوەشم پشیلەی نەرم و نۆڵ. وەرە با ختوکەی لاملی حەزت بدەم.

وەرە باوەشم ئەی پشیلەی ڕەنگین.

کلاودیا !با پرۆژەکەمان بەرجەستەبکەین.. کلاودیا گیان! وەرە باوەشم. وەرە باوەشم،

تا گڕەی هەناسەی گەرمیانیم خۆشەویستی هێشتا مەییوت بتوێنێتەوە.

کۆلن /ژانیوەری ٢٠٠١

لە کوی بویت!

لە کوی بوم!

هێند مونتەزیری تۆ بو، هەتا چاوی سپی بو

نێرگس، کە لەسەر یەك قەدەم و دیدە چەقی بو

لناليل

دەپرسی لە کوی بوم.

لە شەوی ژان و لەسەری ساڵیشدا کە چەرخی فەلەك دەسوڕی لە کوی بوم.

پێت وایە لە کوی بوم. دو پارچەی ئەم هەستەم، دو پارچەی ئەم لەشەم لە کوی بون.

پارچەیەکم :

سێ‌ئاوی زایەندی ژنێك هات رایماڵی و بە خۆرا لولی دا . ژنێك پێكەوە خزاینە هەناوی یەكەوە و پێكەوە لە چۆمی سەری ساڵماندا. پێكەوە لە تاپگەی دوا ساڵەوە رژاینە ناو ساڵێكی ترەوە. ژنێك كە دارستانێكی بە وژە و بە گپەی زایەندە. ژنێك كە پانتایی لەشولاری شەتاوی شێتی شەپۆل و پڕ گێژەنی نوقم بونە. ژنێك لە دۆڵی ڕەنگینی حەز و خولیایدا بینی تینویەتم پێوە دەنی و هەڵمدەلوشێ. و لە گەروی ئاگرینیدا سیروانی حەزو و یستێك چۆربڕ دەكات .

لە ئامێزی شەپۆلانی زایەندی سەرچڵی ئەو شاژنەدا، وردە شەپۆلێكی بزێو بوم و هەر لەگەڵ ئەویشدا ڕژامە ناو ساڵی تازەوە .

پارچەیەكیشم :

وەكو هەمیشە لە لای تۆ بو.

خولیای مەخموریت پارچەیەك لە پێكهاتەمی ترازاندبو .

ئەی فریشتەی نەرم و نارین! ئەی تۆ لە كوی بویت؟

چ سەرزەمینێك ئەو هەمو جوانیە ی لە باوەش گرتبو !چ كۆری سەماو شادیەك گوڵی ئەو ڕستە پڕ جۆش و خرۆشەی ڕیتمی لە یەخە دابو !خودایە ئەو شەوە فریشتەی خۆشەویستی ، شازادەی ئەپین لە كوی بو!

بە بۆن و بەرامەی سەرمەستییت، چ كێڵگەیەكت كردبو بە بە گوڵجار!.

كاكۆڵی زێڕینت چ گوزەرگایەكی كردبو بە ڕێگای ئاوریشم!

چ جۆرە شەرابێكت خواردەوە. شەرابی نالی بو یان شەرابێكی تری گوڵڕەنگ.

چ جۆرە جلێكت پۆشیبو! بە كێڕا سەمات دەكرد! كەس هەبو بتوانی لە كەڵەپشكۆی لێوانت ئاگری سەرمەدی پێبكات! لە كوی بویت؟

جگەرەت دەكێشا یان گەآی توتنێك لێوانتی ڕادەموسي !بە تەنها سەمات دەكرد یاخود ڕۆحی عاشقانیشت خسبووە سەما! دە بێژە لە كوی بویت!

لە دارستانە چڕەكانی راموسان یان لە سەرلانكۆڵەی هەورانی تێكئاآن! لە كوی بویت نارینی گوڵهەنار! پێم بڵێ ، هەواڵت نازانم . گۆرانیت دەچڕی یان گوهدار بویت!

هەواڵت نازانم. هەواڵتم پێبدە، شاهەواڵ .

* * * *

خەڵك حەز دەكەن لە ساباتی ئایفلدا سەری ساڵ پیرۆز بكەن. یان لە كەناری تایمس دا. یاخود لەو زۆزانانە كە سەرتاپا بەفریان پۆشیوە .

منیش حەزم دەكرد. لە سەری ساڵدا و لە چركەكانی دوانزە دا دڵی كات لە لێدان بكەوتایە. منیش هەمو جەستەم دەمولێو بوایە و لە ترۆپكی مەمكی تۆدا هەناسەی ماچم هەڵمژیبایە و لەو گژنیژەوە دەم بنایە بە كانی ڕەسەنی حەز و ئەوینەوە.

ئەی نەشمیلەی نەرم و نیان: حەزم دەكرد ئەو شەوە لەو لوتكە بەفرین و ئاگرینەدا برچێم و بمبەستێت و هەر بە وێوە ببم بە بەرجەستەی تاسە .

دەندەرلێو ٢٠٠١/١/١١

جەژنی لەدایکبون!

لەوەقتێکا کە ڕۆحم گەییە سەر لەب، ڕۆحی من بە فدات

دەبێتە ڕۆحی تازە ، ئەو لەبەم گەر بێنیە سەر لەب

بە جێیە، چونکە ئەو هەستا، قیامەت جی بەجی هەستا

لە چەرخ ئەمشەو، وەکو ئەشکم لە دیدە، داوەری کەوکەب .

مەحوي

ئەم بازاڕانەم دایە ژێر پاوە. دیارییەك کە ڕوسورانە بچێتە دیوەخانی ئەو جەژنی لە دایکبونە شك نابەم. بازاڕەکان خاڵین. خاڵین لە گوڵی شایستە. خاڵین لە کەمەربەندی شایستە. خاڵین لە هەمو ئەو شتانەی من بە دوایاندا وێڵم.

چ گوڵێك دەتوانی سەرسینەی نەرمت بکاتە سەکۆی سەما؟

چ بۆنێك دەتوانی ئیمشەو خۆی بە ماڵی ئەو هەمو قشتیلەییەدا بکات؟

چ دیاریەك دەتوانی بێتە خزمەتی جوانی و جەژنی لە دایکبونت؟

بازاڕەکان خاڵین.

دەبی لە مێرگوآنی بەهەشتەوە پەپولەکان بۆ خەمآندنی ئەم جەژنە بێن.

دەبی لە کانیاوەکانی کوێستانەوە مێرولەی مرواریەکان وەڕێکەون.

دەبی لە ئاسمانەوە شەوچرای ڕەنگاوڕەنگ ببارێن .

بازاڕەکان خاڵین.. ئەمنیش نازانم بە دەستی خاڵی بێم؟ یان شیعرێکی نالی بدەم لە بەرۆکت؟

نازانم وەکو پانکۆخ بکەم؟ یان پێستم بکەم بە شاڵێك و بیدەم بە شانوملی شلوملتدا!؟ نازانم! نازانم چ بکەم!

چ بکەم ! ناکری و ناتوانم تۆپەڵە بەفرێکی کوێستانت بۆ بخەمە ناو پەرداخی ئەوینەوە.

یان بای وەشتێکی گەرمیانت بۆ ماڵی بکەم .

چ بکەم ناتوانم.

چ بکەم بۆ ئەوەی ئیمشەو جوانترین دیاری و جوانترین جەژنت بۆ بخەملێنم.

جوانترین خەمآندن ئەوەیە: ئیمشەو ڕوتبینەوە و لەسەر مێزی جەژنەپیرۆزە وەکو مۆمەکان داگیرسێین . داگیرسێین و بگرین. بەکوڵ و پڕ بە دڵ بگریم بۆ شنەی ئەو ماچانە کە کوشتمانن. بۆ هەمو ئەو ڕوتبونەوانەی کە هێشتا نیازی دڵ بون سەرمانبرین. دە با لێرە ڕوتبینەوە. با ئەم مێزی جەژنەپیرۆزەیە بکەین بە سەکۆی ئاوێتەبون و توانەوە لە ناو یەکتر دا. دە با ڕوتبینەوە و بترنجێینە هەناوی یەکەوە.

ڕوتبونەوەمان ، تێترنجانمان، ئاوێتەبونمان :

لەم دونیای دوکەڵ و تەمە دا سروەی نازگ،

لەم پانتایی ژاوەژاوەدا زەریای مەنگی ماچ و

لەم مەیدانی پڕ لە هەڵپە و خودپەرستیەدا، سەمای ئەفسوناوی زایەند بەرجەستە دەکات.

من بەدەم ئەم خەیاڵانەوە سەرمەستی دیاری و خەمڵاندنی تانوپۆی جەژنی لە دایکبونت بوم. نەمدەزانی ئەو شەوە تۆ جوانترین دیاری پێشکەش بە من دەکەیت. من نەمدەزانی کە جەژنی لە دایکبونی تۆیە و تۆیش من دەخەیتە بەر ڕێژنەی بارانی دیاري.

فریشتەی ئەپین:

جوانترین دیاری لە ناو هەمو دیاریەکاندا .

جوانترین سەما لە نێو هەمو سەماکاندا.

جوانترین خواردنەوە لە ناو هەمو پێکەکاندا،

ئەو سروەیە بو کە لە ڕارەوی باڵەخانەکەدا هەڵیکرد .ئەو سروەیەی بەرەو روی من هەڵیکرد و لەگەڵ خۆدا لولی دام. ئەو پێکی ماچە بوم کە بە پێکەوە هەڵماڵدا. ئەو هەڵمژینە بو کە بەو پەڕی میهرەبانیەوە ناو دەمت هەڵمژیم. من لەو دەمەوە کە دەمم لە پێکی ماچەکانت گیر بو ئێدی سەرمەست و دەهری بوم.

ئەوە جوانترین دیاری بو. خوەشکترین راموسان بو .دواتر دیاریەکانی من. ئەو شیعرانەی کە پێمبون و تەنانەت خۆیشم ئەو دەم، ئێستا و ئایندەیش بەرانبەر بەو ڕاموسانانە دەستەوەستان و بی زمانین.

فریشتەی نازەنین.. گیان بەوەیە شیعری نالیم لەگەڵدایە .دەنا چ هەبو بەرانبەر بەو ماچانە ڕوبەڕوبوایەتەوە.

دەمێکە وا لەسەر پێیەك دەسوتێم

لەشەوقی تۆ بە میسلی مۆم و هەر مام.

کۆڵن ٢٠٠١/٢/١

کێڵگەی خۆشەویستي

دورجێکی موجەوهەر کە هەمو حوسن و بەها بێ

دورڕێکی مونەووەر کە هەمو ئاوی سەفا بێ

خرچێکی مودەووەر، بە عەسەل ئاوی درابێ

نەختێکی لەبەر حوسن و حەلاوەت قڵەشابێ

نالي

بەتاو دەبارێم..

به سەر کێڵگەی زێرینی جەستەیەکدا دەبارێم ..مێرگی ئەم جەستەیە لە مێرگەکانی بەهەشت دەچێ. زنەی ئەم دۆڵە لە کانیاوەکانی بەهەشت دەچێ.. ئەم مێرگ و کانیاوە، مێرگ و کانیاوەکانی دوتوێی چیرۆکە پیرۆزەکانم دێننە بەرچاو..

مەمك زیوین.. دەڵێی کانی گەوهەر لەم دۆڵە زێڕینەتدا هەڵکەوتوە. دۆڵی ڕەنگین و شەمامەی زێڕینت وام لێدەکەن باوەڕ بە دۆڵە ئەفسوناویەکانی ناو حیکایەتەکان بکەم.

ئەوە منم خۆشاوی خاوی کوێستانەکان دەخۆمەوە، ئەو کوێستانانەی کە هێشتا تەم و دوکەڵی سەردەم سەری بە دارستان و بێشەکانیدا نەکردوە .ئەو کوێستانانەی کە هێشتا ساباتی ئۆزۆنیان نەیارانی عیشق کوناوەدری نەکردون .ئەو مرۆپە بە هەڵپانەی کە لە عیشقدا کۆڵەوار و لە تێکئاآندا دەستەوەستانن .من ئێستا دەمم بەو کانیاوانەوە ناوە کە هەنگوینیان لەبەر دەڕوات. ئەو کانیاوانەی کە دەمی کولەوارەکانی بەرنەکەوتوە .

گوڵجاڕی دۆڵی ڕەنگینت، گولگەلی باخچە هەڵواسراوەکانم بۆ دەخەملێنن.

بۆیە منیش هەمو جەستەی تاسە و تینویەتیم دەخەمە سەر مێرگ و کانیاوەکانت.

بۆیە منیش دەتخۆمەوە.. بۆیە منیش هەڵتدەمژم .

سنورێك لە نێواندا نیە تا ڕێگر بێت و هەڵتنەمژم .لە نەبونی سنور دا چەند ئاسودەم . ئاخر کێ ئەوەندەی من نەفرەت لە سنور دەکات !؟ کەس ئەوەندەی من سنۆر نەبوە بە تێرئەندازی جەستەی. سنورێك نابینم. بەختەوەرم دەڵێی خەون دەبینم و سنورێك نەبوە بە ڕێگر. بەختەوەرم سنورێك نیە و ئاوێتەبوینە .

بەختەوەرم کە لە کێڵگەی خرۆش و خۆشەویستی تۆدا قاژەکانی گندۆرەی فیردەوسی دەلێسمەوە.

گندۆرەیەك کە بەرهەمی بارانی هەنگوینە.

گندۆرەیەك سروەی ئەپین لە کێڵگەکانی بەهەشتەوە بنەتۆویان فڕاندوە.

کەنیشکی ڕۆح ئاسمانی . ئاسودەم و خەیاڵم بەرزەفڕ، خۆ لە وەردی کێڵگەی خۆشەویستیت وەردەدەم.

ڕۆحم خومارە، مەمکی تورتی هەناریت لە دەستمدایە و گندۆرەی بە هەنگوین ئاودراوت لە دەممدایە.

دەندەرلێو /سەرەتای فەبریوەری ٢٠٠١